ژوێن سیروان:

# بە ئاواتەوەم ریکۆردێکی جیهانی لە گۆڕەپان و مەیدان تۆمار بکەم



*** سەرەتای ژیانی وەرزشیت لە کوێ بوو؟**

- وەکو هەموو یاریزانێك من خولیایەکی زۆرم هەبوو بۆ وەرزش کردن، لە شتوتگارتی وڵاتی ئەڵمانیا دەستم بە وەرزش کردووە.

*** جیاوازیی نێوان وەرزشی کوردستان و ئەڵمانیا لە چیدابوو؟**

- وەرزشی کوردستان لە چاو وڵاتی ئەڵمانیا کە یەکێك لە پێشکەوتووترین وڵاتانە لەسەر ئاستی جیهان لە هەموو بوارەکانی ژیان زۆر جیاوازە، بەڵام ئەوەش نییە بڵێین وەرزشی کوردستان پێشنەکەوتووە، کوردستانیش ئاستی وەرزشیی بەرزە، بەڵام لە چاو ئەڵمانیا هێشتا ماویەتی، لەم بڕوایەشدام لە داهاتوودا ئاستی وەرزشیی کوردستان قۆناغی تر ببڕێت.

*** چۆن بوو پەیوەندیت بە یانەی وەرزشی هەولێرەوە کرد؟**

- لەسەر داوای ڕاهێنەری یانەکە مامۆستا ڕێبوار من هاتمە ریزی یانەی هەولێر و ماوەی دوو ساڵە لە ریزی ئەم یانەیە وەرزش دەکەم و چەندین ئەنجامی باشم لە ڕاکردنی ١٠٠مەتری بەدەست هێناوە.

*** جگە لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان حەز بەچ یارییەکی تر دەکەیت؟**

- وەکو کچە یاریزانێك هەموو وەرزشێکم پێخۆشە، بەڵام لە دوای یاریی گۆڕەپان ومەیدان حەزم لە یاری تۆپی پێیە.

*** وەکو تیپی گۆڕەپان و مەیدان چ کێشەو گرفتێکتان هەیە لە یانەی هەولێر؟**

- زۆر سوپاس بۆ دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان کە نەیهێشتووە هیچ کێشەوگرفتێکمان بێتە پێش و بەردەوام هاوکاریی تیپەکە دەکەن لە گشت پاڵەوانێتییەکان و لە دابین کردنی کەلوپەلی پێویست.

*** تا چەند ماڵەوە لە وەرزش کردن هاوکاریت دەکەن ؟**

- لێرەوە دەمەوێ سوپاسی خانەوادەکەم بکەم، کە هاوکاریی بەردەوامی منن وەکو یاریزان بە تایبەتی دایك و باوکم هەمیشە هانم دەدەن بۆ وەرزش کردن.

*** تۆ قوتابی لە هەمان کاتدا وەرزشکاری، وەرزشکردن کاتت لێ ناگرێ؟**

- نەخێر من نەمهێشتووە وەرزش کردن کار بکاتە سەر

**ژوین یەکێك لەکچە یاریزانە بەتواناکانی تیپی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی هەولێرو ماوەی زیاتر لە دوو ساڵە لەریزی یانەی هەولێر یاریی دەکات و بە ئاستە بەرزەکەی و ڕاکردنە خێراکەی سەرنجی هەوادارانی ئەم یارییەی بۆخۆی ڕاکێشاوە، ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٩٩٨ی شاری شتوتگارتی وڵاتی ئەڵمانیایە، ماوەی چەند ساڵێکە گەڕاوەتەوە شاری هەولێرو لێرە دەژی، ئێمەش بۆ تیشك خستنە سەر چەند لایەنێکی ژیانی ئەم دیمانەیمان لەگەڵی ئەنجامدا.**

دیمانە: کاروان کانەبی



وانەکان، بەڵام من بەرنامەیەکی تۆکمەم دانراوە بۆ ئەوەی باشترین وەرزش بکەم بێ ئەوەی کاریگەریی لەسەر خوێندنم هەبێت.

*** لە یاریی گۆڕەپان و مەیدان بە چ یاریزانێك سەرسامیت؟**

- لە کوردستان بە کچە یاریزانی یانەی هەولێر تەمارا و لە جیهانیش بە بۆلتی ئەمریکی سەرسامم و حەز دەکەم بگەمە ئاستی ئەوان.

*** بۆچی وەکو کچە یاریزان وەرزش دەکەیت ؟**

- ئەوە خەونی منەو بۆ ئەوەی لەشێکی رێك و جەستەیەکی بەهێزم هەبێت خاوەن جەستەیەکی تەندروست بم و ئەوە هیوای منداڵیمە.

*** ئاستی یارییەکانی گۆڕەپان و مەیدان بەگشتی لەسەر ئاستی کوردستان چۆن دەبینی؟**

- لە ئێستادا کوردستان بۆتە بەشێکی گرنگ لە عێراق و زۆربەی پاڵەوانیتییەکان هەمووی لە کوردستان دەڕوات بەو پێیەی کوردستان ئارامە وخاوەن یاریگای جوانە، بۆیە پێشبینی دەکەم لە داهاتوودا زیاتر ئاستی ئەم یارییە بەرەو پێش بچێت.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

- بتوانم بگەمە ئاستێکی بەرز و ریکۆردێکی جیهانی لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی عێراق بە ناوی خۆم تۆماربکەم و ناوی کوردستان و ئاڵای کوردستان بەرز بکەمەوە.

*** ئەگەر لە کۆتاییدا شتێکت مابێت؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵانی خۆشەویست کە بەردەوام هاوکاریی یاریزانانە لە بەسەرکردنەوەو ناساندیان و بەرەو پێش چوونیان، هیوادارم زیاتر خزمەتی یاریزانانی کچ بکرێت.

# کام خولی تۆپی پێی جیهانی زۆرترین یاریزانی بۆ مۆندیال ناردووە؟

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی دەستپێکردنی جامی جیهانی (٢٠١٤) لە بەرازیل، ڕۆژانە بایەخ بە ئامارەکان دەدرێت بۆ ئەوەی زۆرترین زانیاری بە ئامادەبووان و هەوادارانی بواری تۆپی پێی جیهانی بدرێت.


یەکێك لەم پرسیارانەی، کە بووەتە جێگای بایەخدان لە لایەن ڕۆژنامەنووسان و ڕۆژنامەکانی جیهانی ئەوەیە، کامە خولی تۆپی پێی جیهانی زۆرترین یاریزانی لە جامی جیهانی بەشداری دەکات؟

ئەم ئامارە وڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە.


١-لە خولی ئینگلیزی ١٣٠ یاریزان بەشداریی لە مۆندیال دەکات
٢- خولی ئەڵمانیا ١٠٠ یاریزان بەشداریی لە مۆندیال دەکات
٣- خولی ئیتاڵیا ٩٦ یاریزان بەشداریی لە مۆندیال دەکات
٤- خولی ئیسپانیا ٧٨ یاریزان بەشداریی لە مۆندیال دەکات
٥- خولی فەرەنسا ٦٣ یاریزان بەشداریی لە مۆندیال دەکات
٦- خولی روسیا ٤٣ یاریزان بەشداریی لە مۆندیال دەکات
٧- خولی مەکسیك ٣٧ یاریزان بەشداری لە مۆندیال دەکات
٨- خولی ئەمەریکا ٣١ یاریزان بەشداریی لە مۆندیال دەکات
٩- خولی هۆڵەندا ٢٨ یاریزان بەشداریی لە مۆندیال دەکات
١٠- خولی پورتوگال ٢٧ یاریزان بەشداریی لە مۆندیال دەکات



ئا/ رێبین رەمزی








# مۆندیالی بەڕازیل ڕکابەریی لــــە نێوان ســــەگ-یش دروســـــتکرد !!

هەموو جیهان چاوەڕوانی دەستپێکردنی یارییەکانی جامی جیهانی بەڕازیل ٢٠١٤ دەبن بۆ ئەوەی تام و چێژ لەم مۆندیالە وەربگرن، هەموو ڕۆژنامەکانی جیهان لە هەولی ئەوەدان زۆرترین زانیاری لەسەر هەڵبژاردە بەشداربووەکان بڵاوبکەنەوە بۆ ئەوەی ژمارەی خوێنەرانیان زیاد بکات، بەڵام ڕۆژنامەی (میرور)ی بەریتانی ڕاپۆرتێکــــی سەرنجڕاکێشــــی بڵاوکردەوە، کە تیایدا جیاوازی لە نێوان (ســــەگ)ی وڵاتەکان دەکات بۆ ئەوەی بزانێت کامەیــــان دەبێتە پاڵەوانی جیهان لەگەڵ ئەم جیاوازییەدا وێنەی ئەم کۆمەڵە (سەگ)ەی داناوە بە درێسی وڵاتەکانیان، کە وێنەکێشی بەلژیکی (ئیریك) دروستی کردووە.

بەم پێی ئەم ڕاپۆرتە باس لە چوار جۆر (ســــەگ) دەکات، کە وڵاتەکانیان بەشــــداری لە جامی جیهانی دەکەن وەکو (ماستیف)ی بەڕازیلی و (شیبیرد) ئەڵمانی و (کان کۆرسۆ) ئیتاڵی و (دالماتیان) کرواتی.

هەروەها ڕاپۆرتەکە باســــی خاڵی بەهێزی ئەم (سەگ)انەی کردووە و دەڵێت: سەگ-ی بەرازیلی خاوەنی جموجۆڵێکی زۆرە لە ڕاکردن، بەڵام هەردوو سەگ-ی ئیتاڵی و ئەڵمانی بەهێزن و پاڵێوراوی سەرەکین بۆ گەیشتن بە کۆتاییەکان.

ڕۆژنامەکە لە ڕاپۆرتەکەدا پرسیار دەکات و دەڵێت: ئایا سەگ-ی کرواتی ئەنجامێکی چاوەڕواننەکراو تۆمار دەکات و دەگاتە کۆتاییەکان؟

لــــە کۆتایــــی ڕاپۆرتەکە، ڕۆژنامەکە ئاماژە بەوە دەکات، کە ئەم وێنەگرە بەلژیکییە مەبەســــتی لەم وێنانە ئەوەیە خۆشەویســــتی بۆ هونەر و وێنە و تۆپی پێ کۆبکاتەوە.

# خشتەی یارییەکانی مۆندیالی بەڕازیل بە کاتی کوردستان

2014

FIFA WORLD CUP
Brasil

**چەند رۆژێك ماوە و یارییەكانی مۆندیالی بەرازیل ٢٠١٤ دەست پێدەكات، جەماوەری وەرزشی لە هەرێمی كوردستان بە پەرۆشەوە چاوەرێی ساتە وەختی دەستپێكردنی یارییەكان دەكەن، ئێمەش بە خۆشحاڵییەوە خشتەی سەرجەم یارییەكان بڵاو دەكەینەوە بەكاتی كوردستان :**

*** قۆناغی گروپەكان**

## گروپی یەكەم
## بەرازیل – كرواتیا – مەكسیك – كامیرۆن

خشتەی یارییەكانی گروپی یەكەم بەكاتی كوردستان

پێنج شەممە ٢٠١٤/٦/١٢

| | | |
|---|---|---|
| بەرازیل | كرواتیا | ١١ ی شەو |

هەینی ٢٠١٤/٦/١٣

| | | |
|---|---|---|
| مەكسیك | كامیرۆن | ٧ ی ئێوارە |

سێشەممە ٢٠١٤/٦/١٧

| | | |
|---|---|---|
| بەرازیل | مەكسیك | ١٠ ی شەو |

چوارشەممە ٢٠١٤/٦/١٨

| | | |
|---|---|---|
| كرواتیا | كامیرۆن | ١ ی شەو |

دووشەممە ٢٠١٤/٦/٢٣

| | | |
|---|---|---|
| كامیرۆن | بەرازیل | ١١ی شەو |
| مەكسیك | كرواتیا | ١١ی شەو |

## گروپی دووەم
## ئیسپانیا – هۆڵەندا – چیلی – ئۆستورالیا

خشتەی یارییەكانی گروپی دووەم بەكاتی كوردستان

هەینی ٢٠١٤/٦/١٣

| | | |
|---|---|---|
| ئیسپانیا | هۆڵەندا | ١٠ی شەو |
| چیلی | ئوسترالیا | ١ی شەو |

چوارشەممە ٢٠١٤/٦/١٨

| | | |
|---|---|---|
| ئوسترالیا | هۆڵەندا | ٧ ی ئێوارە |
| ئیسپانیا | چیلی | ١٠ی شەو |

دووشەممە ٢٠١٤/٦/٢٣

| | | |
|---|---|---|
| ئوسترالیا | ئیسپانیا | ٧ ی ئێوارە |
| هۆڵەندا | چیلی | ٧ ی ئێوارە |

## گروپی سێیەم
## كۆلۆمبیا – یۆنان – كۆتدیڤوار – ژاپۆن

شەممە ٢٠١٤/٦/١٤

| | | |
|---|---|---|
| كۆلۆمبیا | یۆنان | ٧ ی ئێوارە |
| كۆتدیڤوار | ژاپۆن | ٤ ی بەرەبەیان |

پێنج شەممە ٢٠١٤/٦/١٩

| | | |
|---|---|---|
| كۆلۆمبیا | كۆتدیڤوار | ٧ ی ئێوارە |
| ژاپۆن | یۆنان | ١ ی شەو |

سێ شەممە ٢٠١٤/٦/٢٤

| | | |
|---|---|---|
| ژاپۆن | كۆلۆمبیا | ١١ ی شەو |
| یۆنان | كۆتدیڤوار | ١١ ی شەو |

## گروپی چوارەم
## ئۆرگوای – ئیتاڵیا – ئینگلتەرا – كۆستاریكا

شەممە ٢٠١٤/٦/١٤

| | | |
|---|---|---|
| ئۆرگوای | كۆستاریكا | ١٠ ی شەو |
| ئینگلتەرا | ئیتاڵیا | ١ ی شەو |

پێنج شەممە ٢٠١٤/٦/١٩

| | | |
|---|---|---|
| ئۆراوگوای | ئینگلتەرا | ١٠ ی شەو |

هەینی ٢٠١٤/٦/٢٠

| | | |
|---|---|---|
| ئیتاڵیا | كۆستاریكا | ٧ ی ئێوارە |

سێ شەممە ٢٠١٤/٦/٢٤

| | | |
|---|---|---|
| ئیتاڵیا | ئۆرگوای | ٧ ی ئێوارە |
| كۆستاریكا | ئینگلتەرا | ٧ ی ئێوارە |

## گروپی پێنجەم
## سویسرا – ئیكوادۆر – فەرەنسا – هندۆراس

یەكشەممە ٢٠١٤/٦/١٥

| | | |
|---|---|---|
| سویسرا | ئیكوادۆر | ٧ی ئیوارە |
| فەرەنسا | هندۆراس | ١٠ ی شەو |

هەینی ٢٠١٤/٦/٢٠


| | | |
|---|---|---|
| سویسرا | فەرەنسا | ١٠ ی شەو |
| ئیكوادۆر | هندۆراس | ١ی شەو |

چوارشەممە ٢٠١٤/٦/٢٥

| | | |
|---|---|---|
| هندۆراس | سویسرا | ١١ ی شەو |
| فەرەنسا | ئیكوادۆر | ١١ ی شەو |







## گروپی شەشەم
### ئەرژەنتین – بۆسنیا – نایجیریا – ئێران

یەك شەممە ٢٠١٤/٦/١٥

| | | |
|---|---|---|
| ئەرژەنتین | بۆسنیا | ١ ی شەو |

دووشەممە ٢٠١٤/٦/١٦

| | | |
|---|---|---|
| نایجیریا | ئێران | ١٠ ی شەو |

شەممە ٢٠١٤/٦/٢١

| | | |
|---|---|---|
| ئەرژەنتین | ئێران | ٧ ی ئێوارە |
| نایجیریا | بۆسنیا | ١ ی شەو |

چوارشەممە ٢٠١٤/٦/٢٥

| | | |
|---|---|---|
| نایجیریا | ئەرژەنتین | ٧ ی ئێوارە |
| بۆسنیا | ئێران | ٧ ی ئێوارە |

## گروپی حەوتەم
### ئەڵمانیا – پورتوگال – غانا – ئەمریکا

دووشەممە ٢٠١٤/٦/١٦

| | | |
|---|---|---|
| ئەڵمانیا | پورتوگال | ٧ ی ئێوارە |
| غانا | ئەمریکا | ١ ی شەو |

شەممە ٢٠١٤/٦/٢١

| | | |
|---|---|---|
| ئەڵمانیا | غانا | ١٠ ی شەو |

یەکشەممە ٢٠١٤/٦/٢٢

| | | |
|---|---|---|
| ئەمریکا | پورتوگال | ١ ی شەو |

پێنج شەممە ٢٠١٤/٦/٢٦

| | | |
|---|---|---|
| ئەمریکا | ئەڵمانیا | ٧ ی ئێوارە |
| پورتوگال | غانا | ٧ ی ئێوارە |



## گروپی هەشتەم
### بەلژیکا – روسیا – جەزائیر – کۆریای باشوور

پێنج شەممە ٢٠١٤/٦/١٧

| | | |
|---|---|---|
| بەلژیکا | جەزائیر | ٧ ی ئێوارە |
| روسیا | کۆریای باشوور | ١ ی شەو |

یەکشەممە ٢٠١٤/٦/٢٢

| | | |
|---|---|---|
| بەلژیکا | روسیا | ٧ ی ئێوارە |
| کۆریای باشوور | جەزائیر | ١٠ ی شەو |

پێنج شەممە ٢٠١٤/٦/٢٦

| | | |
|---|---|---|
| جەزائیر | روسیا | ١١ ی شەو |
| کۆریای باشوور | بەلژیکا | ١١ ی شەو |



## قۆناغی شازدە

شەممە ٢٠١٤/٦/٢٨

| | | |
|---|---|---|
| ١- یەکەمی گروپی ١ | دووەمی گروپی ٢ | ٧ ی ئێوارە |
| ٢- یەکەمی گروپی ٣ | دووەمی گروپی ٤ | ١١ ی شەو |

یەکشەممە ٢٠١٤/٦/٢٩

| | | |
|---|---|---|
| ٣- یەکەمی گروپی ٢ | دووەمی گروپی ١ | ٧ ی ئێوارە |
| ٤- یەکەمی گروپی ٤ | دووەمی گروپی ٣ | ١١ ی شەو |

دووشەممە ٢٠١٤/٦/٣٠

| | | |
|---|---|---|
| ٥- یەکەمی گروپی ٥ | دووەمی گروپی ٦ | ٧ ی ئێوارە |
| ٦- یەکەمی گروپی ٧ | دووەمی گروپی ٨ | ١١ ی شەو |

سێشەممە ٢٠١٤/٧/١

| | | |
|---|---|---|
| ٧- یەکەمی گروپی ٦ | دووەمی گروپی ٥ | ٧ ی ئێوارە |
| ٨- یەکەمی گروپی ٨ | دووەمی گروپی ٧ | ١١ ی شەو |

## قۆناغی هەشت

هەینی ٢٠١٤/٧/٤

| | | |
|---|---|---|
| ٩- براوەی یاری ٥ | براوەی یاری ٦ | ٧ ی ئێوارە |
| ١٠- براوەی یاری ١ | براوەی یاری ٢ | ١١ ی شەو |

شەممە ٢٠١٤/٧/٥

| | | |
|---|---|---|
| ١١- براوەی یاری ٧ | براوەی یاری ٨ | ٧ ی ئێوارە |
| ١٢- براوەی یاری ٣ | براوەی یاری ٤ | ١١ ی شەو |

## قۆناغی پێش کۆتایی

سێشەممە ٢٠١٤/ ٧/٨

| | | |
|---|---|---|
| ١٣- براوەی یاری ٩ | براوەی یاری ١٠ | ١١ ی شەو |

چوارشەممە ٢٠١٤/ ٧/٩

| | | |
|---|---|---|
| ١٤- براوەی یاری ١١ | براوەی یاری ١٢ | ١١ ی شەو |

## یاری پلەی سێیەم و چوارەم

شەممە ٢٠١٤/ ٧/١٢

| | | |
|---|---|---|
| ١٥- دۆڕاوی یاری١٣ | دۆڕاوی یاری ١٤ | ١١ ی شەو |

## یاری کۆتایی

یەکشەممە ٢٠١٤/ ٧/١٣

| | | |
|---|---|---|
| ١٦- براوەی یاری ١٣ | براوەی یاری ١٤ | ١١ ی شەو |